# مۆدێرنیتی و نامۆیی مرۆڤی کورد
# لە دۆخی بێدەوڵەتیدا


**محەممەد حەقمورادی**

**(سنە)**



**پوختە**

نامۆییەتی، دۆخێکی کۆمەڵناسیانەیە کە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا دێتە ئاراوە. بەسەرهاتێک کە لە ڕووی ئاکام و دەرەنجامەکانییەوە دەکرێت وەک ترۆمایەک پێناسەی بکەین. ترۆمایەک کە بۆ چۆنیەتی هەڵکەوتنی کورد لە دۆخی مودێرن و دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوەکانی زاڵ بەسەر کورددا دەگەڕێتەوە. بە واتایەکی دی، دەکرێت دامەزراندن و پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئەم وڵاتانەدا، لە هەمان کاتدا بە واتای بێدەوڵەتبوونی کورد، ڕاڤە بکرێت.

بەو شێوەیە، نامۆیی، ئاماژە بە دۆخی بێدەوڵەتی دەکات. کاتێک پێکهاتەی سیاسی لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگەیەک ناتەبا و هاودژ بێت، یەکێک لە دەرئەنجامەکانی، پێکهاتنی نامۆیی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە کە کاریگەری لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی خەڵک دەبێت. ئەم وتارە بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدی تیۆریک - شیکاریانە، پێوەندیی نێوان سێ چەمکی مۆدێرنیتی و دۆخی بێدەوڵەتی و نامۆیی، کە ئاماژە بە سێ دۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی دەکەن، لێک دەداتەوە و لەسەر ئەم بنەمایە بیرۆکەکانی خۆی بەڵگەمەند دەکات.


ئەگەر نەتەوە - دەوڵەت، فۆرمی سیاسی مۆدێرنیتییە، بێدەوڵەتبوون فۆرمی زاڵی سیاسی ژێردەستبوون چێ دەکات. ستراتیژگەلی نەتەوە - دەوڵەتسازی، هاوکات بۆ بەشێک لە خەڵکی دانیشتووی ناو ئەو جوگرافیا سیاسییە، بێدەوڵەتبوون، نەتەوە سڕینەوە و خاوەنداریەتی سڕینەوەی لێ دەکەوێتەوە، کە دەکرێت لە ژێر چەمکی دۆخی نامۆییدا کورتی بکەینەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین هەموو بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەم لاوە وەک کاردانەوەیەک لە بەرانبەر ئەم هەلومەرجە نوێیەدا بخوێنینەوە، کە لە ڕەوتی مێژووی کورددا بە چەمکگەلێک وەک خۆیبوون، خودموختاری، خۆبەڕێوەبەری، خۆسەری، چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی وێنا کراوە.

دیارە ئەم پرۆژە سیاسییانە هەرکام بە

شێوەیەک بەرسڤی دۆخی نامۆیی دەدەنەوە و تا ڕادەیەک دەتوانن دەربازبوون لەم دۆخە مسۆگەر بکەن و خۆبوون بئافرێنن.

**وشە سەرەکییەکان:** مۆدێرنیتی، بێدەوڵەتی، نامۆیی، بەڕەعیەتکردنەوە.

## گەلاڵەی پرس

چەمکی نامۆییەتی لە پێوەندی لەگەڵ زۆر دیاردەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکرێت بخوێنرێتەوە. هیچ ڕەهەندێکی ژیانی مرۆڤی سەردەم نییە کە بەپێی ئەم چەمکە شرۆڤە نەکرابێت، بەڵام خوێندنەوەی نامۆیی لە دۆخی مۆدێرندا بە نێونجی چەمکی بێدەوڵەتی، زۆر کەمتر کراوەتە ئامانجی لێکۆڵینەوە. لێرەدا هەوڵ دەدرێت "دۆخێکی" سیاسی- کۆمەڵایەتی لە ژێر چەمک و تیۆری نامۆییەتیدا بخوێنرێتەوە، هەر بۆیە کەمتر دەرەنجامە دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لێک دەدرێتەوە. پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە کە چۆن لە سەردەمی مۆدێرندا، دۆخێکی سیاسی، بەستێن و هۆکاری دۆخێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر وەک نامۆییەتی پێک دێنێت؟

مۆدێرنیتی و فۆرمە سیاسییەکەی، واتە نەتەوە - دەوڵەت، دیاردەیەکی نوێ دەخوڵقێنێت کە دەتوانین لە ژێر چەمکی "بێدەوڵەتی"دا پێناسەی بکەین، کە بەرهەمهێنەری "دۆخی بێدەوڵەتی"یە، لە ئەنجامدا سووژەیەکی بندەستیی نوێ سەرهەڵدەدات کە مرۆڤی بێدەوڵەتە. ئەم دۆخە لە فەزای فیکری مۆدێرنییەتیدا نادیار دەکرێت و وەک پرسێکی پێوەندیدار بە مۆدێرنییەتی ناخوێنرێتەوە، تەنیا وەک بابەتێکی مافی مرۆڤانە و لە ژێر چەمکگەلێکی وەک هەژاری و مافی شارۆمەندی و ناسینەوەی جیاوازییەکان شرۆڤە دەکرێت، بۆیە لەم پارادایمە زاڵەدا، تەواویەتی ئەم دۆخە کە لە ئاکام و



**فۆیرباخ**

دەرنجامی مۆدێرنیتیدا سەرهەڵدەدات تیۆریزە ناکرێت و بە جۆرێک نادیار دەبێت.

دەوڵەتی مۆدێرن وەک دەسەڵاتی حکوومەتمەند (١) ئەو جۆرە دەوڵەتەیە کە سەرانسەری جوگرافیای سیاسی و هەموو جەماوەری دانیشتووی وڵات بکێشێتە ژێر ڕکێفی خۆی. دەوڵەتی حکوومەتمەندی مۆدێرن، کە دەستگرتن بەسەر قەڵەمڕەو و جەماوەردا بە ئامانج و ئەرکی خۆی دەزانێت، تەواو هێزە ناوچەییەکان- کە بەسەر ناوچەی خۆیاندا دەسەڵات و خاوەندارێتییان هەبووە- بێدەسەڵات دەکات و خاوەندارێتی خەڵک بەسەر خۆیان و خاکیاندا دەسڕێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە دەتوانین لە بێدەوڵەتی، وەک دیاردەیەکی مۆدێرن باس بکەین. دیارە ئەمە بە واتای نکوڵیکردن، یان نادیارکردنی سەرچاوە و ڕەهەندەکانی دیکەی نامۆیی لە سەردەمی مۆدێرندا نییە.

بێدەوڵەتی بە دۆخێک دەگوترێت کە لە چوارچێوە و فۆرمی نەتەوە - دەوڵەتدا، نەتەوەیەک کە لەسەر خاک و زێدی خۆی دەژی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی شوناسێکی تر کە شوناسی حاکمە و هەموو کۆمەڵگە و سیاسەت لەسەر بنەمای شوناسی خۆی دابڕێژێت. بەم

شێوەیە، مافی سەروەری و خاوەندارێتی لەو نەتەوانە دەسێنرێتەوە، هەر بۆیە لە ناو ئەو نەتەوە - دەوڵەتانەدا تووشی هەلومەرجێکی دژبەرانە دەبن، چونکە هاوکات لە نێو دەوڵەت -دا دەژین و لەهەمان کاتدا لە دەرەوەی دەوڵەتیشدا هەڵکەوتوون. لەسەر بناغەی ئەم تێڕوانینە، لە نێوان نەتەوەیەک کە هەڵگری شوناسی حاکمە (دەوڵەت) و ئەوانەی کە شوناسێکی جیاواز و ناتەبایان لەگەڵ شوناسی دەوڵەت، یان نەتەوەی سەردەست هەیە، دوو سابجێک- پوزیشنی ژێردەست و سەردەست پێک دێت، بۆیە بێدەوڵەتی کورد وەک دۆخێکی کۆمەڵناسیانە ئاماژە بە بندەست بوونی کورد لە نێو چوارچێوەی نەتەوە- دەوڵەتی زاڵدا دەکات.

هاوسانبوونی شوناسی نەتەوەیەک لەگەڵ شوناسی دەوڵەتدا، بۆ خەڵکگەلێک کە هەڵگری شوناسی جیاواز و ناتەبا بن لە تەک شوناسی حاکم کە هەمان شوناسی دەوڵەتە، دۆخێکی نامۆ دەخولقێنێت و بەگشتی "کۆمەڵگەی نامۆ" بوو، یان نامۆکراوی لێ بەرهەم دێت.. لەم هەلومەرجەدا، ئەندامیەتی لە ناو دەوڵەتدا، یان لە ڕێگەی توندوتیژییەوە، یان بە شێوەی تواندنەوە و وێکچواندن بەرهەم دێت. هەڵبەت لەم ڕەوتەدا ڕەنگە ئەو خەڵکە "خۆوێکچواندن" و خۆتواندنەوەش بگرنەبەر، بۆیە دەکرێت بگوترێت ڕواڵەتی دیکە، یان ئەودیوی سیاسەتی ئەسیمیلاسیۆن، لە خۆنامۆبوونە کە لە ئاکام و دەرەنجامی ئاسیمیلاسیۆندا پێک دێت.

بە شێوەیەکی دیالیکتیکی، بێدەوڵەتی لە دەرەنجامی فۆرمی نەتەوە — دەوڵەتدا بەرهەم دێت. بە واتایەکی تر، فۆرمی نەتەوە- دەوڵەت بەهۆی ئەوەی کە لەسەر بناغەی شوناسی بەشێک لە جەماوەر دادەمەزرێت، خۆی لە خۆیدا بە واتای بێدەوڵەتبوونی بەشگەلێکی دیکە لە جوگرافیای سیاسی ئەو وڵاتەیە. ئەو گەلانە لە نێوان نەزمی نەتەوە- دەوڵەت و لۆژیک و ستراتیژییەکانی لە جوگرافیای ئەو دەوڵەتە، لە فەزای نێونەتەوەییدا هەڵدەکەون، بەڵام لە دەرەوەی دەوڵەتدا دەمێننەوە، بە فەرمی ناناسرێن و نابنە خاوەن پێگە — سوبژێکتی (٢) بەرابەر. لەم بارودۆخەدا بەشێک لە جەماوەر و سەرزەوین دەکەونە دەرەوەی سیستمی خزمەتگوزاری دەوڵەتەوە و تەنیا دەبێتە ئۆبژەی سیاسەتگەلی سەربازی- پۆلیسی - ئاسایشی و کۆنترۆڵکردن. بە واتایەکی دیکە، لە فەزا و لۆژیکی نەتەوە- دەوڵەتدا، گەلانێک کە بێدەوڵەت دەمێننەوە تووشی ژێردەستبوون، تواندنەوە، کەمینەکردن و بێ هێزکردن دەبن.

## بنەمای تیۆریکی باسەکە

چەمکی نامۆیی (٣) لە زانستە مرۆییەکان، فەلسەفە، ئایین و هونەردا، بەکارهێنراوە. سەرەتا فەیلسووفەکان سەبارەت بەم مژارە تێڕامان و دواتر سیاسەتوانەکان، کۆمەڵناسەکان و ڕۆماننووسەکان دۆخی مرۆڤ و واقیعی کۆمەڵایەتییان لە چاخی مۆدێرندا، بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکگەلێک وەک ئانۆمی، تراژیدیای فەرهەنگ، قەفەزی ئاسنین، عەقڵانیەتی بیرۆکراتیک شرۆڤە کردووە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم تا دەیەی حەفتا، ئەم چەمکە زۆر بەکاردەهێنرا و بە شێوەیەک بۆ شرۆڤەی خەسارە بنەڕەتییەکانی دنیای مۆدێرن کەڵکی لێ وەردەگیرا، بەڵام دواتر تا ڕادەیەک زۆر لەبیر کرا.

دواتر چەمکی نامۆیی لە فەلسەفەوە بۆ کۆمەڵناسی گوێزرایەوە و لە ناو کۆمەڵناسەکاندا بە شێوازگەلی جۆراوجۆر بۆ شرۆڤەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی، یان ڕەهەندێک لە ژیانی مرۆڤی

مۆدێرن، تیۆریزە کرا. دووركایم لە دوو کتێبی خۆکوژی و دابەشکردنی کار (٤)دا، لە ژێر چەمکی ئانۆمی (٥)دا. قەیرانی بوونی دۆخی کۆمەڵگە و ناتەبایی نێوان ڕێسا و نۆرمەکان لە چاخی مۆدێرندا لێک دەداتەوە. جۆرج زیمێل لە کتێبی فەلسەفەی پارەدا، بەگشتی زاڵبوونی کولتووری عەینی بەسەر کولتووری زەینیدا و، چەوساندنەوە و کۆلۆنیکردنی دنیای زەینی و ڕەوانی مرۆڤ بە هۆی گەشەی تەکنۆلۆجیا و پەرەسەندنی شارنشینی و دامەزراوە بیرۆکراسییەکان بە سەرچاوەی نامۆیی مرۆڤی مۆدێرن دەزانێت. ماکس ڤێبر زاڵبوونی عەقلانیەتی بیرۆکراتیک، یان عەقڵی فورماڵ بەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیاندا، بە ئاخێزگەی بارودۆخێک بە ناو قەفەزی ئاسنین دەزانێت.

لە تیورییەکانی نامۆییەتیدا، ئەم چەمکە هەم وەک هۆکار(٦) هەم وەک هۆکرد (٧) باسی لێ کراوە، بەڵام لێرەدا زیاتر وەک مژارێکی کۆمەڵناسی لێک دەدرێتەوە. بە گشتی کۆمەڵناسەکان، نامۆیی بە بێدەسەڵاتی و بێمەیلی کۆمەڵایەتی و دابڕان پێناسە دەکەن. بە باوەڕی لوین سیمەن، نامۆیی لە پێکهاتەی بیرۆکراسی مۆدێرن سەرچاوە دەگرێت. "سیمەن"، بێ هێزی، بێ مانایی، ئانۆمی، خۆکشانەوەی کۆمەڵایەتی و لەخۆبێزاری بە ڕەهەندەکانی نامۆیی دەزانێت. بە بڕوای "لوین" هەر کام لەم لایەنگەلە، شرۆڤەی دۆخی بەشێک لە کۆمەڵگە دەکەن. بۆ نموونە، کەمینەکان و شوناسە بێدەسەڵاتەکان، زیاتر تووشی بێهێزی دەبن.

هێگڵ پێی وایە لە دەوڵەت- شاری یۆنانیدا، پێوەندیی نێوان تاک و دەوڵەت، یان کۆمەڵگە شوناسی ڕاستەقینەی کەسەکان نوێنەرایەتی دەکات. پێوەندییەکی وەکیەکی و تەبایە، بۆیە نامۆیی بوونی نەبوو؛ بەڵام کاتێک کە ئەم دەوڵەت- شارگەلە دەڕووخێن، کۆمەڵگە بۆ شارۆمەنەکانی، نامۆ دەبێت. لەم هەلومەرجەدا، پێکهاتنی دووبارەی ئەم وێکچوونە، بەدەست هەڵگرتن لە ئازادی و خۆبوون مسۆگەر دەبێت. لە بیرۆکەی "فۆیرباخ"دا نامۆیی بە ڕاگواستنی سروشت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بۆ بوونەوەرێکی سەروومرۆیی بە نێوی خودا دەگەڕێنێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، فۆیرباخ لە کتێبی گەوهەری مەسیحیەتدا، ئایین بە هۆکاری لەخۆنامۆیی مرۆڤ دەزانێت.

نووسراوەکانی مارکس لە کتێبەکانی "دەستنووسەکانی ئابووری- کۆمەڵایەتی"، "سەرمایە و "گرۆندوریسە" بوون بە ئاخێزگەی وتووێژێکی چڕ و درێژەدار سەبارەت بە تیۆریی نامۆییەتی. تیۆریی نامۆیی سیاسی مارکس لە بیرۆکەی فیختە، هێگڵ و فۆیرباخ، کاریگەری وەرگرتووە، بەڵام مارکس نامۆیی لە بەستێنە فەلسەفی و ئایینیەکەی بۆ بەستێنێکی ئابووری و لە پێوەندی لەگەڵ کاردا ڕاگواستەوە. لە بۆچوونی مارکسدا، نامۆیی لە کار وەک سەرچاوەی هەموو نامۆییەتییەکان لە دنیای سەرمایەداریدا دێتە هەژمارکردن. مارکس چەمکی نامۆیی لە ئاماژەکردن بە شتێکی لێڵ و تەماوی دووردەخاتەوە و بۆ شرۆڤەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی لەگەڵ سەرمایەداریدا بەکاردەبات. لە بیرۆکەی مارکسدا، کاری نامۆ کە بەرهەمی سیستمی سەرمایەدارییە، ئاخێزگەی هەموو چەشنەکانی نامۆییەتییە، بۆیە لەلای مارکس نامۆیی سڕینەوە لە ڕێگەی دەربازبوون لە خاوەنداریەتیی تاکەکەسی و کاری نامۆوە مسۆگەر دەبێت.

چەمکی نامۆییەتی لە بیرۆکەی مارکسدا زیاتر لە باسی 'بەبوتبوونی کاڵا'دا هاتووە. بەو واتایەی کە خەڵک کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی ئەو شتانەی کە خۆیان بەرهەمیان هێناون..

لێرەدا کێشەیەک کە سەرهەڵدەدات ئەوەیە کە پێوەندیی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ لە نێوان کەسەکان نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێوەندی ماددی نێوان کەسەکان و پێوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان شتەکان فەزای کۆمەڵایەتی داگیر دەکەن.

مارکس نامۆییەتی بە ئۆبژکتیڤ دەزانێت، نەک سوبژکتیڤ، هەروەها بە بابەتێکی کوێی دەناسێت، نەک تاکەکەسی، هەروەها مارکس نامۆییەتی بە دۆخێکی تایبەتیی ئابووری- کۆمەڵایەتییەوە گرێ دەدات، واتە سەرمایەداری. بەپێچەوانەی مارکس، کە نامۆیی بە تایبەتمەندیی هەلومەرجێکی مێژوویی دەزانێت، هایدیگێر Heidegger نامۆیی بە بارودۆخێکی مێژووییەوە گرێ نادات، تایبەتمەندییەکی ئۆنتۆلۆژیکی پێ دەبەخشێت. مارکووزەیش نامۆیی بە تایبەتمەندیی گشتیی کار و تەکنۆلۆجیا دەزانێت و بە جۆرێک لە کار و کرێکاریدا سنوورداری ناکاتەوە، هەروەها لە کتێبی ئێرووس و شارستانییەتدا، ڕزگاری تەنیا لە ئازادی لیبیدۆ و کایەدا دەبینێت.

لە ناو فەیلەسووفەکاندا هایدیگێر یەکێک لەو کەسانەیە کە لەسەر نامۆیی باس دەکات و بۆ ئەم مەبەستە لە چەمکگەلی فەلسەفی کەڵک وەردەگرێت. هایدیگێر لە کتێبی "بوون و زەمەندا"، شرۆڤەیەکی دیاردەناسانە لە نامۆیی دەوروژێنێت. لەم ئاراستەیەدا، چەمکی "فڕێدراوی (٨)" دادەهێنێت کە ئاماژەیە بە بوون لە دۆخێکی ناڕەسەن و نوقمبوون لە نێو ئەویترێتیدا.

بووژانەوەی چەمکی نامۆیی بە کارەکانی گیۆرک لووکاچ دەستی پێ کردەوە.. لووکاچ تیۆری بەبتزانین(٩)ی کاڵای مارکس لە بەستێنێکی بەرفراوانتردا بەکاردەهێنێت و بەشتبوون(١٠) بە سروشت و لۆژیکی گشتیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دنیای سەرمایەداریدا دادەنێت.

لە ڕوانگەی لووکاچەوە چۆنییەتی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان وەک چۆنیەتی پێوەندی نێوان شتەکانی لێ دێت. بەبتبوونی شتومەک، تەنیا ڕواڵەت و ڕەهەندێک لە نامۆییەتییە.

بە بۆچوونی هورکهایمیر و ئادۆرنۆ، پیشەسازی کولتوور(١١) و لۆژیکی تەکنۆلۆجیک کە هەمان لۆژیکی زاڵێتییە، هەموو ڕەهەندەکانی ژیان داگیردەکەن و کۆمەڵگەیەکی نامۆ دەخوڵقێنن. ئادۆرنۆ و هورکهایمیر پێیان وابوو پیشەسازی کولتووری، ڕێگری لە تێگەیشتن و هۆشیاربوون بەرانبەر بە نامۆییەتی دەکات؛ واتە بە جۆرێک ئەم دۆخە دەشارێتەوە و ئەو ڕوانینە کە هێگڵ لە دیاردەناسی ڕوحدا بە "هایایی وەڕەز(١٢)" ناودێری دەکات لە ژێر چێژی مەسرەف و چاندی خەڵکییانەدا بزر و نادیاردەکرێت. مارکووزە لە کتێبی "مرۆڤی تاکڕەهەند"دا ئاماژە بە باندۆری تەکنۆلۆجیا بەسەر مرۆڤدا دەکات.

هانا ئارێنت، نامۆیی بە خاوەنداریەتی سڕینەوە پێناسە دەکات. ئارێنت، نامۆکردنی بەشێک لە جەماوەر لە ئاستی جیهانیدا، بە تایبەتمەندی سەردەمی مۆدێرن دەزانێت. ئارێنت لە چەمکی "لە جیهان نامۆییەتی" کەڵک وەردەگرێت. ئەو یەکێک لە دەرنجامەکانی ئەم دۆخە بەوە دەزانێت کە مرۆڤ مانای بوونی خۆی لە نیشتمان و لە جیهاندا لە دەست دەدات و بە دوای ئەوەدا شوناس و تێگەیشتنی لە واقیعیەت تووشی گۆڕان دەبێت.

ئارێنت لە کتێبی "دۆخی مرۆڤ"دا سێ شێوە لە کردەی مرۆڤ پۆلێنبەندی دەکات: ١ - ئەرک (زەحمەت)(١٣) . ٢- کار(١٤) و٣- چالاکی(١٥).

لە بیرۆکەی ئارێنتدا، "چالاکی" بانترین و بەرزترین ئاستی کردەی مرۆڤە کە دەتوانێت خۆی وەک بوونەوەرێکی تاقانە و ئازاد وێنابکات.

چالاکی پێویستی بە بوێری و ئازادییە کە مرۆڤ بتوانێت لە پانتایی گشتیدا بۆ ئافراندنی دنیایەکی نوێ، سیاسەت بکات. ئارێنت تەنیایی و نامۆیی مرۆڤ بە لاوازبوون و پەراوێزکەوتنی چالاکی لە ژێر زاڵبوونی "ئەرک" و "کاردا" دەزانێت.

بیونگ- چول هان جیاواز لە بایۆپۆلێتیک، یان سیاسەتی ژینەری (١٦) فووکۆ، باس لە سایکۆپۆلێتیک، یان دەروون- سیاسەت دەکات. هان پێی وایە نیولیبرالیزم و تەکنۆلۆجیا، جیا لە لەش، زەینی مرۆڤیان داگیرکردووە و لە ژێر ڕکێفی ئەم سیستمەدا، زەین و دەروونی مرۆڤیان گوێڕایەڵ کردووە. گی دوبوور بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆی نامۆیی بە ئاکام و دەرەنجامی کۆمەڵگەی نمایشت، دەزانێت. بە بڕوای ئەو ئێستا مەسرەفی نامۆ، زیاتر لە بەرهەمهێنانی نامۆ، بووەتە تایبەتمەندیی مرۆڤ لە سەردەمی سەرمایەداریدا. بوودریار پێی وایە "سەردەمانی مەسرەف" بە یارمەتی جاڕدان و بانگەشە، سەردەمی نامۆیی ڕادیکاڵ پێک دێنێت.

بەگشتی، نامۆیی لە دۆخی تاکەکەسی، یان کۆمەڵایەتیدا ئاماژە بە دابڕانێک دەکات کە دەتوانێت ببێتە هۆکار و سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێ کە خۆی دیاردەگەلێکی دیکە بەرهەم دێنێت. نامۆیی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: خاوەندارێتی سڕینەوە و نەبوونی سەروەری، کە لە ئاکامی ئەم دوو دیاردەیەدا سوبژێکتێکی ژێردەست دەخوڵقێت. بەگشتی، ئاخێزگەی هەموو چەشنەکانی نامۆیی بۆ ئەم دوو کێشەیە دەگەڕێتەوە.

## بێدەوڵەتی و نامۆیی

قسەکردن لەسەر ئەزموونی مۆدێرنیتی بەو شێوازە کە بێرمەن (١٧) (٢٠٠٩) و ئایزنشتات (١٨) (١٩٩٩) باسی لێ دەکەن لە چوارچێوەی نەتەوە- دەوڵەت و جوگرافیای سیاسی دیاریکراودا مومکین دەبێ، بۆیە ئێمە لە ئەزموونی مۆدێرنیتیی نەتەوە بێدەوڵەتەکان، یان بە زاراوەیەکی تر ئەزموونی مۆدێرنیتی لە دۆخی بێدەوڵەتیدا قسە دەکەین.

کورد لە دۆخی بێ دەوڵەتی و هاوکات لێکدابڕانی نەتەوەیی و گوتاری ناسیۆنالیستی لاوازدا، کەوتە ژێر تەوژمی پرۆژەکانی نەتەوە - دەوڵەتسازییەوە، کە خۆی بەشێکە لە ڕەوتی مۆدێرنیتی. نەتەوە- دەوڵەتەکانی زاڵ بەسەر خاک و نەتەوەی کورددا، بەردەوام ستراتیژی تواندنەوە، یان پرژوبڵاوکردن و بە "قەرەجکردن"ی "کوردیان دەگرتەبەر، واتە دەیانویست لە ئاکام و دەرنجامی شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی فیزیکی، سیاسی، کولتووری و هێماییندا، هەروا کە "کیملیکا" دەڵێت بکرێتە خەڵکێکی خۆجێیی (١٩) و گەلێکی بێناسنامە و بێ یوتۆپیا، کە وەک دانیشتوانی هەژار، بێهێز و دابەشکراوی چەندان وڵات بناسرێن.

هەروەها کۆمەڵێک ستراتیژی بۆ لە نەتەوەخستن، (ڕێناس، ٢٠٢٠)، لە خەڵک خستن، لە خاکخستن و "داماڵینی جوگرافیا"یان گەلاڵە کرد تا گەلێکی بێ جوگرافیا، بێسنوور و بێ نیشتمانێکی دیاریکراو بخوڵقێنن، تا لە کۆتاییدا شوێنێک نەبێ پێی بوترێت کوردستان و نەتەوەیەک نەبێ پێی بگوترێ کورد. ئەم پرۆسەیە، هەروەها تەواوی مێژووی چاخی مۆدێرنی کورد، بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکگەلی دلووز و گەتتاری (٢٠)، بریتییە لە ستراتیژیگەلێک کە لە باری سیاسی، نەتەوەیی، هێمایین و جوگرافییەوە کورد تووشی دۆخی مەڵبەند سڕینەوە (٢١) دەکەن، لە بەرانبەردا، بەرخۆدان و خەباتی کورد بۆ مەڵبەندزایی (٢٢) (مەڵبەند دانان) و گەورەترکردنی کوردبوون بە

هەموو مانا و ڕەهەندەکانییەوە بەردەوام بووە.

کورد لە درێژایی سەدەی بیستەمدا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر نامۆکراوە. لە سووریە ناسنامەیان بە کورد نەدەدا و وەک کورد نەیدەتوانی خاوەن ناسنامەی تاکەکەسیش بیت. لە تورکیا دەبنە تورکی کێوی و تەنیا لە ژێر ئەو نێوەدا دانی پێدا دەنرێت. لە ئێران وەک "قەومییەت" پێناسە کرا و وەک یەکێک لە قەومگەلی ئێرانی، سنوورە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سنووردار کراوەتەوە.

کاتێک دەوڵەت، تەنیا نوێنەرایەتی یەک شوناسی فەرهەنگی تایبەت دەکات و شوناسی دەسەڵاتدار پێک دێت، خەڵکی سەر بە شوناسی بێدەسەڵات، سەرەڕای ئەوەی کە لە ناو جوگرافیای سیاسیی ئەو دەوڵەتەدا دەژین، وەک خەڵکێکی بێدەوڵەت دەمێننەوە و لە نیشتمانی خۆیان نامۆ دەکرێن. لە ژێر ڕکێفی فەزایەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیدا کە بە ناسنامەیەکی غەیر تەنراوە، بۆ نەتەوەی ژێردەست، هیچ شتێک هەستی خۆیەتی نابەخشێت. هەست بەنامۆبوون، خۆپەراوێزخستن، دوورەپەرێزی و بێ هێزی بەرهەم دێنێت. ئەگەر وردبینانەتر باس بکەین، ئەو خەڵکەی کە لەگەڵ شوناسی دەسەڵاتدار یەک ناگرنەوە، لە دوو دنیای جیاوازدا دەژین. هەم لە نێو دەوڵەتدان و هەم لە دەرەوەی دەوڵەت. لە دۆخی بێدەوڵەتیدا لەو خەڵکە خاوەنێتی سڕینەوە دەکرێت، واتا لە خاوەندارێتی ئەوان بەسەر نیشتمان و وڵاتی خۆیاندا نکۆڵی دەکرێت، ئەمە وێنای نیشتمان دەشێوێنێت.

هەڵبەت ئەم خاوەنێتی سڕینەوە، هەموو ڕەهەند و بەرینابییەکانی ژیانی مرۆڤی بێ دەوڵەت دەگرێتە بەر. ئەم میکانیزمە جۆرێک لە نامۆیی لە زەینی مرۆڤی بێدەوڵەتدا ڕۆدەنێت. تاکی کورد بۆ ئەوەی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لە ژیانێکی ژێردەستانەدا نەژی و سەرکەوتن بەدەست بێنێت، نابێت خۆی سیاسەتی وێکچواندن بەڕێوە ببات و خۆی ڕادەستی جۆرێکی تر لە بندەستی بکات. بە واتایەکی تر، بۆ ئەوەی لە نامۆیی دنیای واقیعی ڕزگاری بێت، لەخۆنامۆیی دەگرێتە بەر. بوون لە نێو دوو دنیادا و دژبەربوونی دنیای زەینی و عەینی، دەکرێت بە چمکی "هایایی وەڕەز" کە هێگڵ باسی لێ دەکات، شرۆڤە بکرێت. بەشێک لە کاردانەوە بە ئەزموونی ژیان لە نێو دوو جیهانی دژبەردا، پەنابردن بە میوزیک و کولتوور و دابونەریتی کوردی، یان بەجێهێشتنی ئەم تەنگەژەیە- دوو جیهان- و گرێدانی خۆی بە دنیای دەرەوەیە.

لە سەردەمی مۆدێرندا ئەگەر سیستمی سەرمایەداری، وەک فۆرمێکی ئابووری، خەڵکێکی چەوساوە بە نێو کرێکار دەخوڵقێنێت، سیستمی دەوڵەت- نەتەوەش وەک فۆرمێکی سیاسی، خەڵکانێکی بێدەوڵەت بەرهەم دێنێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم خەڵکانە، بەشێکی زۆر و بەرچاو لە جەماوەری جیهان پێک دێنن، بەڵام بەسەرسوڕمانەوە بەشێوەیەکی گشتی ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، وەک کێشە و دۆخێکی کۆمەڵناسییانە شرۆڤە نەکراون و لێکدانەوەیەکی تیۆریک و چەمکییانەی لەسەر نەکراوە. لە کاتێکدا خەڵکانی بێدەوڵەت بە تەواوەتی ژێردەست دەکرێن و بە شێوەیەکی ئینترسێکشناڵ هەموو جۆرەکانی ستەم و گشت چەشنەکانی توندوتیژی لەسەر لەشیان دەکاردەکرێن. خەڵکگەلێک کە لە باشترین ئاستدا دەبنە خەڵکێکی پلەنزم و خۆجێیی و دەبنە مژارێک بۆ مرۆڤناسەکان و لە خراپترین ئاستدا، یان نکۆڵی لە بوونیان دەکرێت، یان وەک تیرۆریست پێناسە دەکرێن و ئاڵنگاری

هێزی عەسکەری دەبنەوە و دەکرێنە ئامانجی توندوتیژی ڕووت و تەواو و سەرتاسەری.

بەشێک لە کورد بە کۆچکردن بۆ هەندەران لەگەڵ نامۆییدا بەرەوڕوودەبنەوە، بەم شێوەیە لە نامۆبوونی نیشتمان خۆیان دەربازدەکەن. ڕاستییەکەی بە بەجێهێشتنی خاک و زێد، نامۆبوون دەخەنە ناو کەوانەوە و هەڵی دەسپێرن، بەڵام زۆربەی خەڵک کۆچێکی ناوخۆیی دەکەن و وەک بەرەنگاربوون لەگەڵ ترس لە نامۆییدا پەنا بۆ نێوخۆ دەبەن. هەر ئەم ترس لە جیهانە و پەنابردن بۆ خۆ، دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی جیهانی واقیعی.

سەرچاوەکانی نامۆیی جیاوازن و ناکرێت بۆ یەکتر دابەزێنرێن، واتە ڕزگاری لە جۆرێک لە نامۆیی، نابێتە هۆی سڕینەوەی شێوەکانی دیکەی نامۆیی، بەڵام هەروا کە مارتین جەی دەڵێت نامۆیی بە هەر هۆکارێک بێت و لە هەر شتێکەوە سەرچاوە بگرێت، بەگشتی ترس و دڵەڕاوکێیەکی قووڵ لە مرۆڤدا ڕۆدەنێت. هەر چەشن و ئاستێک لە ناسینەوە کە بەرانبەر و تەواو نەبێت، دەکرێت وەک خۆنامۆیی بناسرێت. هەڵبەت ئەم شرۆڤەیە بەو واتایە نییە کە سەردەمی پێش مۆدێرن و بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن، کورد لە دۆخێکی یەکگرتوو و سەقامگیر و تەبا لەگەڵ خۆیدا ژیاوە.

ئەزموونی کورد لە مۆدێرنیتی، یان تایبەتمەندیی هەڵکەوتنی کورد لە دۆخی مۆدێرندا، ئاخێزگەی نامۆیی مرۆڤی کورد پێکدێنێت. مرۆڤی بێدەوڵەت لە ڕووبەڕووبونەوە لە بەرانبەر دامودەزگای دەوڵەت، بیرۆکراسی و ڕەوتگەلی مۆدێرنسازی و دەوڵەت – نەتەوەسازیدا تایبەتمەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیکی ئاڵۆز وەخۆدەگرێت و کەسایەتییەکی تایبەت بەم کۆمەڵگەیە دەخولقێنێت. مرۆڤی بێدەوڵەت، مرۆڤێکی بێ حاڵوماڵە و هیچ ناسنامەیەکی سیاسی خۆیی و سەربەخۆیی نییە. دیارە خۆبوون، یان خۆنەبوون لە یەک ڕەهەندەوە گرێدراوی دەوڵەتە. واتا بێدەوڵەتبوون جۆرێک لە نامۆیی، یان خۆنەبوون بەرهەم دێنێت.

ئەگەر لە تیۆری مارکسدا، کاڵا کە خۆی بەرهەمی کاری کرێکارە، وەک شتێکی نامۆ لە بەرانبەریدا ڕاوەستێت، نامۆیی مرۆڤی کورد لە ئەنجامی بێدەوڵەتکردنییەوە، لە کردەی خۆی سەرچاوە ناگرێت. کورد تەنیا بینەر و شاهیدی پرۆسەی بێدەوڵەتبوونی خۆی بوو، دواتر وەک ترۆمایەک هەستی پێ کرد. بە کەڵک وەرگرتن لە هایدیگێر دەتوانین نامۆبوون لە دۆخی بێدەوڵەتیدا وەک فڕێدران لە نێو جیهاندا، لێک بدەینەوە. لەم بەستێنە مێژووییەدا هەموو جموجووڵ و کارێکی کورد وەک فێرکاری و نووسین و بیرکردنەوە و سیاسەت کردن و کاری چاندی و هونەری، جۆرێک لە خۆنامۆییە.

هەر بەو شێوە کە مارکس، نامۆیی بە جۆرێک لە زاڵیەتی و ژێردەستبوون لە بەستێنێکی ئابووریدا لێک دەداتەوە، ئەم وتارەش نامۆیی لە پێوەندی لەگەڵ جۆرێک لە زاڵیەتی و بندەستی لە بواری سیاسیدا شرۆڤە دەکات. لەسەر بناغەی تیۆری مارکسدا، هەروا کە خاوەنێتی سڕینەوە لە کرێکار لەمەڕ بەرهەم و پرۆسەی کاری خۆی، دەبێتە ئاخێزگەی نامۆیی، لە دۆخی بێدەوڵەتیدا خاوەنێتی سڕینەوە لە خاک و نەهێشتنی سەروەری بەسەر خۆتدا، دۆخێکی کۆمەڵایەتی نامۆ، یان کۆمەڵگەیەکی نامۆ پێک دێنێت. لە سەردەمی مۆدێرندا. دەوڵەت، هەموو هێزەکان بێدەسەڵات دەکات، هەروەها سەروەری لە خەڵک دەسێنرێت و بە شتێکی دەرهەست بە ناوی دەوڵەت دەبەخشرێت. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم توێژینەوە، خاوەنێتی سڕینەوە

لە خاک و نەهێشتنی سەروەری بەسەر خۆت لە سەردەمی مۆدێرن و دۆخی بێدەوڵەتیدا لە ژێر چەمکی بەرەعیەت کرنەوەدا (٢٣)، پێناسە دەکات. لەم هەلومەرجەدا، جەماوەری نەتەوەی بێدەوڵەت، لە جیاتی ئەربابەکان، دەبنە رەعیەتی یەک ئەربابی گەورە بە نێوی دەوڵەت کە دەسەڵاتێکی هەمەلایەنەی هەیە. بەرەعیەتکردن هەموو رەهەندەکانی ژیان دەگرێتەبەر.

## دەرنجام

مرۆڤ ناتوانێت لە دۆخێکی نامۆدا بۆ ماوەیەکی نادیار، بەردەوام بێت، بۆیە هەوڵ دەدات لەتەک زمان و ناسنامە و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵ و دنیای زەینی و عەینیدا، خۆی رێک بخات و تێیدا ئۆقرە بگرێت، واتە خۆی لە تەنگەژەی نێوان دنیای زەینی و عەینی رزگار دەکات. بەردەوام، بوون لە نێو دوو جیهانی دژبەردا، دۆخێکی تاقەتپڕووکێن و قەیراناوی دەخوڵقێنێت، کە یان دەبێت خۆی لەگەڵ واقیعی ئۆنتۆلۆژیکدا رێک بخات و پرۆسەی "خۆ وێکچواندن" بگرێتەبەر، یان ئەوەی کە بەرهەڵستی دۆخی نامۆ بێتەوە و فەزایەکی سیاسی- کۆمەڵایەتی نوێ بخوڵقێنێت. گۆڕینی هەر دۆخێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی، پێویستی بەوەیە کە سەرەتا مێژووی ئێستاکە شرۆڤە بکرێت. بە واتایەکی تر، راڤە و لێکدانەوەی دۆخی ئێستاکەیە کە ئیمکان و دەرفەتی گۆڕین و گواستنەوە بۆ دۆخێکی جیاواز دەرەخسێنێت. تێپەڕاندن و دەربازبوون لە دۆخی نامۆیی، نە بە راهاتن بە نامۆیی، یان نامۆیی سڕینەوە و یەکگرتنەوە لەگەڵ دۆخی هەنووکەدا، بەڵکوو لە رێگەی پێکهێنانی دۆخێکی نامۆ لەگەڵ دۆخی ئێستادا پێک دێت. خۆیەتی و بە تەواوەتی خۆبوون لە دۆخی ژێردەستبوون لە چوارچێوەی نەتەوە- دەوڵەتێکی نامۆدا مومکین نابێت. تەنیا لە ئازادیدا مرۆڤ لە نامۆیی رزگاری دەبێت. هەر فۆرم و شێوازێک کە ئازادی، بە مانای سەروەری، مسۆگەر نەکات جۆرێک لە نامۆبوون بەرهەم دێنێت، واتە خۆبەرێوەبەری، قەبووڵکردنی لەخۆنامۆییە. شرۆڤە و لێکدانەوەی تەواویەتییەکی نامۆ، کە بنەمای هەموو رەخنەکان پێک دێنێت، دەتوانێت ئاسۆی سیاسەتێکی رادیکاڵ بۆ دۆخێکی نانامۆ وێنادەکات.

خەڵکی بێدەوڵەت بە شێوەیەکی دابەزێنەرانە (٢٤)، چەواشەگەرانە و ناتەواو، تەنیا لە پێوەندیی لەگەڵ سروشت و کولتوور و دابونەریت، شەڕ و توندوتیژی و جینۆساید، کێشەی مافی مرۆڤ و مافی خوێندن بە زمانی دایک، هەروەها لە بواری بزووتنەوە سیاسی و نیزامییەکانیاندا دەکرێنە ئامانجی تێڕامان، بەڵام هیچ توێژینەوە لەسەر رەهەند و لایەنە سۆسیۆلۆژیکەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە ناکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەر ئەم بارودۆخە بووە بە هۆی ئەوەی کە نووسەران و رۆشنبیرانی کورد، تووشی ناسیۆنالیزمێکی میتۆدۆلۆژیک بن و دۆخی واقیعی کۆمەڵگەی کوردستان بخرێتە نێو کەوانەوە و هەڵبسپێردرێت، بۆیە باس لە لۆزان و دابەشبوونە سیاسی و جوگرافیاییەکەی دەکریت، بەڵام دەرنجام و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕوحییەکانی دوای ئەم ترۆمایە ناکرێتە مژاری هزرین و تێڕامانی زانستی لەسەر ناکرێت.

دۆزی کورد بێدەوڵەتییە، بەڵام نە لە روانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بنەرەتی ئاماژەیە بە دۆخێکی کۆمەڵناسیانە، یان ئۆنتۆلۆژیک، بۆیە دەتوانین بڵێین روانین بۆ پرسی کورد لە ژێر رکێفی جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی میتۆدولۆژیکدا، ئەم دۆخە ئۆنتۆلۆژیکە نادیار دەکات. زاڵبوونی ناسیۆنالیزمی میتۆدولۆژیک دەبێتە هۆی بازدان

بەسەر هەلومەرج و دۆخی ئونتۆلۆژیکی کۆمەڵگەی کوردستاندا. ڕێگە نادات ئەم دۆخە پروبلێماتیزە بکرێت، هاوکات و لە ورووژاندنی لایەن و ڕەهەندە جوراوجۆرەکانی بە شێوەیەکی مەعریفی ڕێگری دەکات. جەختکردن لەسەر دۆخێکی گشتی بە ناو بێدەوڵەتی بە واتای نکوڵیکردن لە دژبەرییەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە وەک چینایەتی و ڕەگەزی نییە، بەڵکوو سەرنجدان بە دۆخێکی هاودژە کە سەرەڕای گرنگی و هەبوونی دەرکەوتگەلی بەرفراوان و هەمەلایەنە، زۆر کەم ئاوڕی لێ دراوەتەوە و پرۆبلێماتیزە نەکراوە.

لە کتێبی "زینۆفیمینیزم"دا "لابووریا کۆینیکی" بۆ دارشتنی سیاسەتێک هەوڵ نەدات کە فەزایەکی سیاسی کۆمەڵایەتی نامۆ لەگەڵ ئێستا پێک بێت. ئەو لەسەر ئەو بیرۆکەیە پێداگری دەکات کە ئازادی گرێدراوی نامۆییە، واتە لە دۆخێکی نامۆ لەگەڵ ئێستادا، ئاسۆکانی ئازادیی خۆیان وەدەردەخەن. لابووریا پێی وایە، بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی سیستماتیک و لێکدانەوەیەکی پێکهاتەییە کە لەگەڵ تەواوەتی دۆخی ئاڵۆز و قەیراناوی ئێستا بەرەوڕووببینەوە و بتوانین لێی دەربازبین.

ئەم وتارە لێکدانەوەیەکی ئۆبژکتیڤ و ڕەخنەگرانە لە دۆخێکی مێژوویی تایبەت ئاراستە دەکات، بۆیە ئەم وتارە بناغەی شیکاریانەی خۆی لەسەر نامۆیی کە لە ئەنجامی دۆخێکی مێژوویی تایبەتدا پێک دێت دامەزراندووە و سنووری خۆی لەتەک چەمکی لەخۆنامۆیی وەک دیاردەیەکی فەلسەفی، یان دەروونی دیاری دەکات. هەڵبەت دیارە دەکرێت لەخۆنامۆیی وەک دەرنجامی ئەم هەلومەرجە مێژووییەکە شرۆڤە بکرێت. ئەم وتارە هەوڵی داوە ڕەهەندێکی نوێ بە ئەدەبیاتی تیۆریک سەبارەت بە چەمک و تیۆری نامۆیی زیاد بکات، ئەم کارەیشی بە تیشکخستنە سەر پێوەندی نێوان نامۆیی و ئازادی، یان نامۆیی بە هۆکاری بێدەوڵەتی (٢٥) زیاد بکات.

ئەگەر نەتەوە - دەوڵەت، فۆرمی سیاسی مۆدێرنیتییە، بێدەوڵەتبوون، فۆرمی زاڵی سیاسیی بن دەستبوون بەرهەم دێنێت. ستراتیژییەکانی نەتەوە - دەوڵەتسازی، هاوکات بۆ بەشێک لە خەڵکی دانیشتووی ناو ئەو جوگرافیا سیاسییە، بێدەوڵەتبوون و نەتەوە سڕینەوە و خاوەندارێتی سڕینەوەی لێ دەکەوێتەوە، کە دەکرێت لە ژێر چەمکی دۆخی نامۆییدا کورتی بکەینەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین هەموو بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەم لاوە، وەک کاردانەوەیەک لە بەرانبەر ئەم هەلومەرجە نوێیەدا بخوێنینەوە، کە لە ڕەوتی مێژووی کورددا بە چەمکگەلێک وەک خۆیبوون، خودموختاری، خۆبەڕێوەبەری، خۆسەری، چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی وێنا کراوە. دیارە ئەم پرۆژە سیاسییانە هەرکام بە شێوەیەک بەرسڤی دۆخی نامۆیی دەدەنەوە و تا ڕادەیەک، دەتوانن دەربازبوون لە ئەم دۆخە مسۆگەر بکەن و خۆبوون بئافرێنن.

یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم وتارە ئەوەیە کە نەخشە ڕیگەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوە لە بەرانبەر دۆخی نامۆییدا، وێنا بکات. لەم پێناوەدا دەتوانین لە سیاسەتی چاندیدا، کاتێک لە سیاسەتی چاندی دەپەیڤین ئاماژە بە ئەوە دەکرێت کە دەوڵەت بۆ بواری چاند چ دارێژە و ستراتیژێکی هەیە؟ سیاسەتی چاندی لێرەدا بە واتای ئەوەیە کە چاند چۆن دەستکاری بکرێت و چ ئاڵوگۆرێک ببینێت کە بەردەوامبوونی دەسەڵات مومکین بکات. لە ئەم بەستێنەدا، چاند ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژیک بە خۆیەوە دەگرێت، هەروەها ڕوانگەیەکی بەرتەسک و دامەزرێنەرانە لە چاند دێنێتە ئاراوە، بەڵام

لە نەبوونی دامودەزگای دەوڵەتیدا، یان بە واتایەکی دورستتر لە دۆخی بێدەوڵەتیدا، ئەگەر بۆ جڤاکی ڕۆشنبیریی کورد سیاسەتێکی چاندی بەرین و بنەڕەتی دیاری بکەین، ئەم سیاسەتە دەبێت لەسەر چ مژارگەلێک پێداگری بکات؟. هەروا کە لە ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ کرا، نامۆیی و بێ قەڵەمڕەوکردن وەک دەرەنجامەکانی هەڵکەوتنی کورد لە دۆخی مۆدێرن دێنە ئەژمار، بۆیە من پێم وایە وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری، ئەم مژارگەلەی خوارەوە دەبێت ببنە هەوێنی تێڕامانی هزرین و لە ڕەهەندگەلی جۆراوجۆرەوە کاریان لەسەر بکرێت:

- واتادارکرنی ژیان لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا: کۆمەڵگەیەک کە مرۆڤی کورد لە خۆلیای دەربازبوون لێی و بەجێهیشتنیدا نەبێت کە وەک کۆچبەر ڕێگەی هەندەران بگرێتە بەر.
- واتادارکردنی کوردبوون لە دنیادا: مرۆڤی کورد لەسەر جیاوازی خۆی و لە هەمان کاتدا بەرانبەری لە تەک نەتەوەکانی دیکەدا داکۆکی بکات.
- واتادارکردنی نیشتمان بۆ مرۆڤی کورد. مرۆڤێک کە لەسەر ئەو باوەڕە بێت، کە بە گشت شێوەیەک بە نیشتمانەوە گرێ دراوە.
- بە نیشتمان کردنەوەی نیشتمان: نیشتمانێک کە بە هۆکار و شێوەگەلی جۆراوجۆر شێوێنراوە دەبێ دیسانەوە ڕوومەتی نیشتمان بگرێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

1- Governmentaloty
2- Subject-position
3- Alienation
4- Divition of labor
5- anomie
6- cause
7- effect
8- Verfallen
9- Fetishism
10- Reification
11- Industry of culture
12- Unhappy consciousness
13- labour
14- work
15- action
16- biopolitics
17- Berman, Marshall
18- Eisenstadt
19- Indigenous People
20- Gilles deleuze
21- deterritorialization
22- reterritorialization
23- Re selfization
24-
25- statelessness

**ژێدەرەکان:**


1- Adam Schaff, Alienation as a Social Phenomenon, Oxford: Pergamon Press, 1980, 2

2- Berman, Marshall (2009). All That Is Solid Melts Into Air:The Experience Of Modernity (9th ed.). London, New York: Verso

3- David Schweitzer, "Fetishization of Alienation: Unpacking a Problem of Science, Knowledge, and Reified Practices in the Workplace," in Felix Geyer, ed., Alienation, Ethnicity, and Postmodernism, Westport/London: Greenwood Press, 1996, 23

4- Deleuze, Gilles, & Guattari, Félix. (1987). A Thousand Plateaus: Capitalism and Schizophrenia (Brian Massumi, Trans.). Minneapolis: University of Minnesota Press

5- Eisentadt, s(1999), multiple modernities in an age of globalization Canadian journal of sociology, Vol.24, no. 2 pp283-295

6- Georg Luka´cs, History and Class Consciousness, Cambridge: MIT Press, 1971, xxiv

7- Hannah Arendt, The Human Condition, Chicago: University of Chicago Press, 1958,

253–4
8- Herbert Marcuse, “On the Philosophical Foundation of the Concept of Labor in Economics,”Telos 16 (Summer, 1973), 25
9- Herbert Marcuse, Eros and Civilization, Boston: Beacon Press, 1966, 45
10- Isaak Illich Rubin, Essays on Marx‟‟s Theory of Value, Detroit: Black & Red, 1972, 5
11- Jean Baudrillard, The Consumer Society, London: Sage, 1998, 191
12- John Clark, “Measuring alienation within a social system,” American Sociological Review, vol. 24, n. 6 (December 1959), 849–52
13- Karl Marx, “A Contribution to the Critique of Hegel‟‟s Philosophy of Right. Introduction,” in Karl Marx, Early Writings, London: Penguin, 1992, 244–5
14- Karl Marx, “Economic and Philosophical Manuscripts (1844),” in Early Writings, 324
15- Karl Marx, Capital, Volume 3, London: Penguin, 1981, 959
16- Karl Marx, Grundrisse, London: Penguin, 1993, 157
17- Laboria, cuboniks The xenofeminist manifesto: a politics for alienation https://laboriacuboniks.net/manifesto/xf-manifesto
18- Marcello Musto (2010), Revisiting Marxs Concept of Alienation, Socialism and Democracy, Vol.24, No.3, pp.79–101
19- Martin Heidegger, Being and Time, San Francisco: Harper, 1962, 220–1
20- Max Horkheimer, Theodor W. Adorno, Dialectic of Enlightenment, New York: Seabury Press,1972, 12
21- Melvin Seeman, “On the Meaning of Alienation,” American Sociological Review, vol. 24, no. 6
22- Will Kymlicka,(2000) Politics in the Vernacular: Nationalism, Multiculturalism, Citizenship (Oxford: Oxford University Press
**٢٣- حەقموورادی، محەمەد (٢٠٢١) ئەزموونی کورد لە مودێرنیتی لە دۆخی دابڕاندا، پۆلیتیا، ساڵی سێیەم، ژمارەی ٢.**
**٢٤- ڕێناس، سیروان (٢٠٢٠) بزووتنەوەی کوردستان و قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی، پۆلیتیا، ساڵی دووەم، ژمارەی ٤.**

**سەرنج: کورتەیەکی ئەم نووسینە لە ڕۆژی ٢٠٢٣/١١/٣٠، لە فیستیڤاڵی (ڕامان)دا پێشکەش کرا.**

**(ڕامان)**